# پێکهاتەی فەزای دەلالی لە چیرۆکدا چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف) بە نموونە

**پ. ی. د. محەمەد ئەحمەد حەسەن**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە - شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر
Mohammed.hasan@su.edu.krd

## پێشەکی

زمانی دەقی ئەدەبی، زمانێکی هەڵخەڵەتێنە، زمانێک نییە، یەکراست شتەکانمان بداتێ، بەڵکو لە زۆر باردا دەلالەتی دیکە مەدلوولی دیکە خۆیان لە پشت پەیڤەکانەوە حەشار دەدەن. خوێنەر بەپێی ئەو پشتخانە ڕۆشنبیرییەی هەیەتی هەوڵی لێکدانەوەی مەدلوولی ئەو دەلالەتانە دەدات. دەقی ئەدەبی دەبێ دەقێکی سرک و ئاماژەدار بێت، دەقێک توانای ململانێی لەگەڵ خوێنەری نموونەییدا هەبێت، بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو بکات و بیخاتە دۆخی بیرکردنەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ کارکردن لەبارەی فەزای دەلالی لە چیرۆکەکانی "سەدرەدین عارف"دا. کارکردنە بۆ دەستخستنی وەڵامی پرسیارەیلی وەکو: فەزا چۆن دروست دەبێت؟ ڕۆڵی فەزا لە بەرهەمهێنانی ئێستێتیکای دەقدا چییە؟ چۆن دەلالەتەکانی ناو دەق فەزا دروست دەکەن؟

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە ناوی: (چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ فەزا). ئەم بەشە بەشێکی تیۆرییە. هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئێستێتیکای فەزا، گەڕان بە دوای ڕیشەی زاراوەکە. هاوکات ئیشکردنە لەبارەی فەزای گێڕانەوەیی و ئەرکەکانی، بۆ ئەوەی بزانین فەزا لە گێڕانەوەدا بە گشتی و چیرۆک بەتایبەت چۆن دەردەکەوێت. هەرچی بەشی دووەمە بە ناوی: (ڕەهەندەکانی فەزای دەلالی لە چیرۆکەکانی "سەدرەدین عارف"دا. ئەم

بەشە بەشێکی پراکتیکییە. هەوڵمانداوە لە چەند ڕەهەندێکەوە دەلالەتی ناو چیرۆکەکان ڕاڤە بکەین، بۆ ئەوەی ئەو فەزایە دەستنیشان بکەین، کە بە هۆی ئەم ڕەهەندانەوە دروست بوون. بۆ ئەمەیش کارمان لەبارەی فەزای زمانی دەق کردووە، پاشان وەگێڕ چ ڕۆڵێکی لە بەرهەمهێنانی فەزادا هەیە. دواتریش فەزای کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەلالەتەکانی ژنمان لێکداوەتەوە. ئەم سێ دەلالەتانە دیوی دووەمی ڕۆشنبیری و کلتووریی کۆمەڵی کوردی نیشان دەدەن.

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە میتۆدی سیمیۆلۆجیا بەستووە، بە ئامانجی لێکدانەوەی دەلالەتەکانی زمانی دەق، چونکە سیمیۆلۆجیا کۆمەکی باشمان بۆ لێکدانەوەی دەلالەتەکان دەکات. لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێکمان نووسیوە، کە لەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووین. هاوکات سەرچاوەکانمان بە سیستەمی هارڤارد بەکارهێناوە و لیستی سەرچاوەکانیشمان نووسیوە.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ فەزا

### ١. زاراوە و چەمکی فەزا

هەر کاتێك بەر وشەی فەزا دەکەوین، ڕاستەوخۆ وشەی شوێن دێتە زەینمانەوە. بەڵام زاراوەی فەزا لە چەمکی شوێن فراوانتر و بەرینتر دەردەکەوێت. زاراوەی فەزا (Space) و شوێن (place) و پێگە (locution) لە توێژینەوە ئەورووپییەکاندا جوایەزییان لە نێواندا کراوە. هەرچەندە لە لای ڕەخنەگرانی کلاسیک پتر زاراوەی شوێن بۆ کۆی جۆرەکانی شوێن بەکارهاتووە، بەڵام دواتر فرەنسییەکان زاراوەی فەزا (Space)یان وەکو زاراوەیەکی دروستتر بەکارهێنا. دواتر ئینگلیزەکان هاتن زاراوەی پێگە (locution) وەکو چەمکێکی فراوانتر لە فەزا و شوێن بەکارهێنا، بەتایبەت بۆ شوێنێکی دیار بۆ ڕوودانی ڕووداوێک، یان بوونی شتێک. بە بڕوای ئێمە وشەی فەزا واتا و دەلالەت و چەمکێکی فراوانترە لە شوێن و پێگە. لە فەرهەنگی (Le Robert)دا هاتووە، فەزا ((ناوێکی نێرە لە سەدەی دوانزە بە واتای کات هاتووە، تا سەدەی شانزە. بەرانبەرەکەی لە لاتینیدا (Spatum)ە.)) ( Le Robert, 1977, 625) ئەم زاراوە لاتینییە بە واتای بێ سنووری دێت، کە هەموو شتە کەرتییە دیاریکراوەکان لە خۆی دەگرێت. کەواتە: فەزا پێکهاتەیەکی فراوانە، ناتوانین سنوورەکانی دیاری بکەین، هەموو شتێک لە خۆیدا جێ دەکاتەوە، ئێمە ناتوانین بۆ نموونە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆ دابنێین. بەڵام هەرچی چەمکەکانی دیکەیە دەتوانین سنوور و چوارچێوەیان بۆ دیاری بکەین. فەزا ئەو جیهانە بەرفراوانەیە، کە (شت) و (بوون) و (کردارەکان) لە خۆی دەگرێت. دەکرێ بڵێین مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی بەرکەوتنی مرۆڤە لەگەڵ فەزا بنەڕەتییەکان.

لە فەرهەنگی (ئەلمونجید)دا هاتووە ((فەزا بەرینترە لە شوێن، وەکو دەڵێن فەزای شوێن، واتە: بەرین.)) (المنجد، ١٩٨٦، ٥٨٧) ئەوکات لە فەرهەنگی (قاموس)دا هاتووە ((وشەی "المکان" شوێن: ئەوەیە شتێك لە خۆدا هەڵگرێ.)) (ابن درید، ١٣٤٥، ١٧١) شوێن واتە پێگەی شتێک، هاوکات بە بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و سروشتەوە پێوەندیدارە. لێرەدا شوێن واتا فەرهەنگییەکەی لە دەست دەدا، ئەگەر بە ژیان پێوەند نەبێ، ئەو وشەیە دەبێ ژیانی تێدا بگوزەرێ.

مرۆڤ بەردەوام بەر فەزا دەکەوێ، لەناویدا دەژی، لەم گەردوونەدا هیچ بوونێک نییە لە دەرەوەی فەزا بژیت. فەزا وەکو ڕەگەزێکی سەرەکیی لە ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، ڕێکخستنی کرداری بوونەوەرەکان دەبینێت. تەنانەت پێوەرێکە بۆ هوشیاری و پێوەندییە بوونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، بۆیەیش توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان لە دیاریکردنی هوشیاری و ڕەفتاری تاک لە کۆمەڵدا پەنایان بۆ بردووە.

ئەگەر بۆ بۆچوونە فەلسەفییەکان لەبارەی فەزاوە بگەڕێینەوە، دەبی ئاماژە بە بۆچوونی فەیلەسووفی کۆنی یۆنانی "تالیس" لە سەدەی شەشی پێش زایین بکەین. ((ئەم فەیلەسووفە بڕوای وایە ماددەی سەرەکیی لە گەردوون ئاوە.)) (اکستنر، ٢٠٠٣، ١٨) ئاشکرایە ئاویش ماددەیەکی هەستپێکراوە، واتە: دەتوانین ببینین و دەستی لێ بدەین. کەواتە ئەو ماددەیەی، کە گەردوون و کۆی بوونەکانی لێ دروستکراوە، ئاوە. بەڵگەیشی بۆ ئەوە ئەوەیە، ئاو بەشێکە لە هەموو شتێك لە زەوی، لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ...تاد. ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئایەتێکی قورئان یەکدێتەوە، کە باسی ئەوە کراوە هەموو شتێك لە ئاو دروستکراوە. لێرەوە ئاو دەبێتە یەکەم ماددەی پێکهێنەری فەزاکان، بەتایبەت ئەو فەزایانەی هەستیان پێدەکەین. هەرچی فەیلەسووف "ئەناکسیماندێرس"ە دژی بۆچوونەکەی پێشتر دەوەستێتەوە، کە ئاو بنەڕەتی هەموو بوونەکان بێت. ئەم فەیلەسووفە بڕوای بە بێکۆتایی و بێسنووری لە گەردووندا هەیە. ئەم فەیلەسووفە ((ئەو هەستپێکراوەی تالیس ڕەت دەکاتەوە و باوەڕی بە ناهەستپێکراو هەیە. کاریگەری زۆری لەسەر هزرمەندان دانا، هاوکات نەخشەیەکی بۆ جیهان کێشا، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر گرینگیدانی بە فەزا.)) (حرب،١٩٧٩، ٢٨) کەواتە: فەزا لای ئەم فەیلەسووفە هیچ سەرەتا و کۆتاییەکی نییە. ئێمە لەناو فەزایەکدا دەژین، کە ناتوانین کۆتایی و سنوورەکەی دیاری بکەین. دەبینین پێش ئەم فەیلەسووفانە، کە سەر بە قوتابخانەی ئایۆنین، بیرمەندان لەبارەی خواوەندەکانەوە قسەیان کردووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئەم فەیلەسووفانەی قوتابخانەی ئایۆنی، خواوەندەکان لە جووڵەی ماددەکانەوە بەرجەستە دەبن. کەواتە: توێژینەوەکان چیتر لەبارەی ئاسمانەوە نەبوو، بەڵکو هاتن لەو شتانەی لەسەر زەوین و بەرجەستەن وەکو:

ئاو، هەوا، خاک و ئاگر...تاد دەکۆڵییەوە، دیالۆگیان لەبارەوە دەکرد. لەم ڕێیەوە ڕێیان بۆ زانستی سروشت و توێژینەوە لێی خۆش کرد. بەڵام نابێ ئەوەمان بیربچێت ئەم چەمک و بۆچوونە فەلسەفییانە شێوەیەکی سادەیی بۆچوونن لەبارەی فەزاوە لەچاو پێناسە و چەمکی نوێ بۆ فەزا.

ئەگەر ئایۆنییەکان چەمکی فەزایان لە چوارچێوەی ماددەی هەستپێکراو و هەستپێنەکراودا کورت کردبوویەوە، ئەوا تێڕوانینی فیساگۆرسییەکان ((چەمکی فەزا لەناو ئەو تیۆریانەی، کە ژمارە دەکەنە ڕەگەزی یەکەمینی گەردوون دەبیننەوە. لە بۆچوونەکانیاندا لەبارەی بۆشایی فەزاکان ئەوەیان هەستپێکرد، کە هێندێ دوانەی دژواز لە فەزادا هەیە وەکو ناکۆتایی هەوا و بۆشایی.)) (اکستنر، ٢٠٠٣، ١٨) لەم بۆچوونەوە دەزانین ئەوان وردتر لە چەمکی فەزا دەڕوانن، ئەویش بە لێ سەندنەوەی ماددییەت لە فەزا، هاوکات فەزا هەمیشە ئامادەیی هەیە و وەکو پێکهاتەیەکی گەردوونی تەماشا بکرێ.

"ئەفلاتوون" وەکو دیارترین فەیلەسووفی سەردەمی خۆی، بڕوای وایە ((فەزا هەستی پێدەکرێ بەڵام نابیندرێت، ڕەگەزێکی سەرەکیی بووونە، سیستەمێکی خاوەن ڕەهەندە، شوێن بۆ هەموو ئەو شتانەی لە بوون دەردەکەون دابین دەکا، هەرچی شوێنە پێگەیەکی سەربەخۆیە بۆ ئەو شتانەی لەناو فەزادا هەن.)) (الخفاجي، ٢٠٠٣، ٥) ئەم فەیلەسووفە پێداگری لەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی گەردوون دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەو چوار ڕەگەزەی، کە پێش خۆی بە ڕەگەزی پێکهێنەری گەردوون دادەنران، ئەوانیش: ئاو، ئاگر، خاك، هەوا بوون. هەریەک لەمانە بەپێی جووڵە و دیاریکردنی گەردیلەکانیان لەسەر شێوەیان فەزایەك دروست دەکەن. هەرچەندە لە بۆچوونەکەی ئەم فەیلەسووفەدا شتێکی عەقڵانیمان لەسەر شێوەیەکی ئەندازەیی بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سروشت و گەردوون ناداتێ. لەلایەکی دیکە هێشتا تێکەڵاوی لەنێوان فەزا و شوێن لای ئەم فەیلەسووفە دەبیندرێت.

هەرچی "ئەرستۆ"یە وردتر و لۆژیکیتر لە جیاوازیی نێوان شوێن و فەزا وەکو لایەنی تیۆری دەڕوانێت. ئەم فەیلەسووفە جیاوازییان وەکو لەبەرکردنی جل بۆ تاقیکردنەوە دەبینێ. شوێن وەکو جلەکە وایە، سنوورەکەی تا ڕووتی و پێستی مرۆڤە،

بەڵام فەزا سنووری ناوەوەی هەیە. واتە: شوێن دیواری دەرەوەی بابەتە و بەسەردەچێت، یان لەناو دەچێت. هەرچی فەزایە لەناو ناچێت و دەمێنێت، بۆیەیش کارەکتەر هەمیشە فەزایەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام شوێنێکی جێگر و دیاریکراوی نییە، زوو زوو شوێنەکان دەگۆڕێت. هاوکات گرینگی زۆر بە جووڵە و گۆڕانکاری دەدات. ((جووڵە لە سێ چەمکی چۆنیەتی، بڕ و شوێن دەبینێتەوە.)) (غالب، ١٩٨٨، ٣٦) ئیشکردنە لەسەر چۆنیەتی جووڵەکە، چەندێتی و بڕی جووڵەکە، کە زۆرە، یان کەمە و لە چ شوێنێکە، جووڵەیش ڕاستەوخۆ بە شوێنەوە بەستراوەتەوە. لەلایەکی دیکە بە بڕوای ئەم فەیلەسووفە هێندێک وێناکردنی تایبەت بە جووڵە لە مێشکی خەڵکدا هەن، ئەوانیش: بێکۆتایی، شوێن، بەتاڵ و کاتن. بەهۆی ئەم بۆچوونەوە روون دەبێتەوە جیاوازی لە نێوان شوێن وەکو پێکهاتەیەکی ماددی، فەزاش وەکو بەتاڵی هەیە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بابەتی ئەوەی فەزا ڕێژەییە، یان ڕەهایە دێتە ئاراوە. "دیکارت" لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفە)دا لە ساڵی (١٦٤٤)دا دەڵێت: ((جیاوازی لە نێوان ماددە و فەزادا نییە، جیاوازییەکەی ئەرستۆ لە نێوان شوێن و فەزادا جیاوازییە لە فیکر، ناتوانین درێژی و پانی و قووڵی فەزا دیاری بکەین.)) (اکستنر، ٢٠٠٣، ٢٠) لەم بۆچوونەوە دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ، نابێ بە تەنیا لە چەمکی فەزا بڕوانین، چونکە بە تێڕوانین لە بۆچوونەکان لەبارەی فەزا و شوێنەوە، دەبینین پێوەندیی بەناویەکداچوویان هەیە. هیچ یەکیان بەبێ ئەویتر دەرناکەوێ، هەریەکەیان کۆمەڵێ بارودۆخ بەڕێوەیان دەبات، ئەو بارودۆخانە ڕۆڵیان لە بەیەکەوە بەستنی هەردوو چەمکەکەدا هەیە. واتە بەدەرخستنی ئەو بارودۆخانە ڕێژەییبوونی هەریەکەیان دەردەکەوێت.

## ٢. فەزای گێڕانەوەیی و ئەرکەکانی

توێژینەوە لە فەزا لە ئەورووپا درەنگ پەیدا بوو، دوای ئەوەی فەزا بە هونەرێکی گرینگ و سەرەکی هونەرەکانی گێڕانەوە دانرا، هەوڵی توێژینەوە لە ئەرکەکانی درا. بەڵام توێژینەوەکان تاک تاکە بوون، هەر توێژینەوەیەک لایەنێکی

فەزای بەرباس دەدا، بەبێ ئەوەی هەنگاو بەرەو دارشتنی تیۆرێک لەبارەی فەزاوە وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕۆمان بهاوێژرێت. "جۆزیف ئێکستنەر" بڕوای وایە توێژینەوە لە فەزا لە هەر دەقێك پێویستی بە میتۆدێک بەناوی (فەزاگەرایی) هەیە، ئەوەیش هۆکارێکی سەرکەوتووە بۆ چارەسەری توێژینەوە لە فەزای دەقی گێڕانەوەیی. ئەوەی لە ڕەخنەی نوێدا لەبارەی فەزاوە توێژینەوەی کردووە و ئەم چەمکەی بەرباس داوە، ڕەخنەگر "میشال بۆتۆر" بووە. ئەو کتێبێکی بەناوی (فەزای ڕۆمان) نووسی. لەم کتێبەدا دەڵێت: ((گرینگیدانی ڕۆمان بە فەزا کەم نییە، بەتایبەت لەو توێژینەوانەی، کە ڕۆمان هەوڵی کەشف کردنی هونەرەکانی دەدات.)) (اکستنر، ٢٠٠٣، ٤٣) هەرچەندە توێژینەوەکان لەم بار و بوارەدا بە ئاراستەی دیکەدا دەڕۆیشتن، بۆ نموونە گرینگیدان بە لایەنی دەلالی بۆ ئەمەیش پەنا بۆ سیمیۆلۆجیا دەبرا و بە پلەی یەکەم ئاستی زمان ناوەندی توێژینەوە دەبوو. "میشال بۆتۆر" هەمیشە پێداگری لەسەر فەزا وەکو بنەڕەتێکی ڕۆمان دەکردەوە. ئەو جیهانی ڕۆمانی وەکو تابلۆیەک دەبینی، چۆن فەزا لە تابلۆیەک بە ڕوونی دیارە، وشەکان فەزا لە مێشکی خوێنەر دادەڕێژن. ئەم ڕەخنەگرە لە کتێبی (توێژینەوە لە ڕۆمانی نوێ) گرینگی بە فەزای دەقی، یان فۆرمی دەقی ڕۆمانی دەدات، بەوەی کتێب تابلۆیەکی دوو ڕووە، ڕوویەکی چاپکراوە و ڕوویەکی دیکەی فەزایە، وەکو بەشێک لە پێکهاتەکەی. هەر لەو کتێبەدا ڕەگەزەکانی فەزا لە ڕۆماندا دەستنیشان دەکات، هاوکات فەزا ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕووداوەکان و تەنانەت لە وشە و ڕستەکاندا هەیە. کات (فەزا) لە کن وی سێ شتی بەدوایەکدا هاتوون ((چیرۆک، نووسین و خوێندنەوە.)) (بوتور، ١٩٧١، ١١١-١١٢) کەواتە: فەزا یەکێکە لەو بناغانەی ڕۆمانی لەسەر بنیاد دەنرێت، هاوکات ڕۆمان بەبێ فەزا نابێت.

لەگەڵ پەیدابوونی فۆرمالیستە ڕووسەکان گرینگیدان بە فەزا چووە قۆناغێکی نوێوە. "تۆدۆرۆف" لە کتێبی (تیۆری ئەدەب)دا ئەوە روون دەکاتەوە، کە فۆرمالیستەکان لە هەوەڵین کەسانێکن، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە توێژینەوەکانیان لەبارەی زمان و گێڕانەوە گرینگییان بە فەزا داوە. ڕەخنەگر (شکلۆفسکی) لە وتاری (تیۆری پەخشان)دا دەڵێت: ((بینای بەشەکانی دەقی

(دووریتی بچکۆڵە) نهێنییەکەی گەورەتر لە چیرۆکەکە لە خۆیدا هەڵگرتووە.)) (ف.شکلوفسکی، ١٩٨٢، ١٣٢) کەواتە: ئەوەی هاوسەنگی نێوان بەشەکانی دەقێک ڕادەگرێت ئەوە فەزایە. فەزا ڕۆڵی دەبێت لە ڕێکخستنی هەموو بەریەککەوتنەکان، کارکردنە لەبارەی.

لێرەوە ئەرکەکانی فەزا لە دەقی گێڕانەوەیی بە گشتی دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە روون بکەینەوە:

### ١. ئەرکی وەهم دروستکردن

"شارل کریڤڵ" لەبارەی بابەتێک لە دەقی ڕۆمانی دەپەیڤێت، کە خوێنەر وا دەزانێت ئەوەی باس دەکرێ حەقیقەتە، بەڵام لە ڕاستیدا وەهم بە حەقیقەتەوە دەبینێ. دەقی گێڕانەوەیی خەیاڵ لە کن خوێنەر دروست دەکات، ئەوە وەهمکردنە بە واقیع قەناعەتمان پێدەکات. واتە: دەقی گێڕانەوە ئەو وەهم و خەیاڵەمان لە کن دروست دەکات، ئەوەی لەناو ئەو دەقەدا ڕوودەدات، واقیعە. ئەم ڕەخنەگرە هەوڵی دیاریکردنی ئەو چەمکە دەدات. ((هەموو نووسەرێک لە پێدراوە فەزایی و کاتەکیەکان سوود وەردەگرێت، ڕووداوی گێڕانەوەیی ڕوونادات، تەنێ لە دیاریکردنی ڕووداوەکان بە وەرامی: کەی، لە کوێ، بۆ ... تاد.)) (کریفل، ٢٠٠٢، ٧٢) بۆ ئەوەی ڕووداوەکان ڕووبدەن، نووسەر دەبێ وەرامی وشە پرسەکانی وەکو: لە کوێ، بۆ، چۆن، کەی...تاد بداتەوە. بە هۆی ئەو وەرامانەوە خوێنەر وەهمی ئەوەی لە کن دروست دەبێت، ئەو ڕووداوانە واقعین، یادگەی خوێنەر بۆ درەوەی دەق دەبن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە تەنێ دەقێکی هونەرییە.

### ٢. ئەرکی گێڕانەوەیی

لە دەقی گێڕانەوەییدا زۆر جار نووسەر بێ دەنگ دەبێت، ڕێ دەدا بارودۆخە وەستاوەکان بکەونە جووڵە، واتە فەزا دەڵێت: زۆر شت هەن بە ناڕاستەوخۆ ڕوودەدەن، واتە: زەمینەسازی دەکرێت بۆ ئەوەی ڕووداوێکی دیاریکراو ڕوو بدات. دەمەوێ بڵێم هیچ ڕووداوێك ڕوونادات، تەنێ لە چوارچێوەی فەزایەکی دیاریکراو

نەبێت. هەموو توخمەکانی گێڕانەوە پەنا بۆ فەزا دەبەن. یەکێک لە ئەرکەکانی فەزا لە زۆر باردا زەمینەسازی بۆ ڕوودانی ڕووداو دەکات. کەواتە: پێشکەوتنی ڕووداوەکان بە هۆی فەزاوە دەبێت، هاوکات گرێچنیش لە چوارچێوەی فەزایەکی دیاریکراو گەشە دەکات. ئەگەر سەفەرکردن هۆکارێک بێت بۆ دابڕانی دوو کەس، هۆکارێکیشە بۆ بە یەکگەیشتنەوەی دوو کەس.

### ٣. ئەرکی سەرنجڕاکێشان و کاریگەری

ئەو جیهانە وێناکراوەی فەزای گێڕانەوە بۆمانی دروست دەکات، سەرنجمان ڕادەکێشێ و دەمانخاتە ژێر کاریگەریی خۆی، وا دەکات بە دوای ڕووداوەکاندا بچین، هەست بە جوانیی دەقەکە بکەین. تەنانەت هاوسۆز بین لەگەڵ هێندێ کارەکتەر و ڕقمان لە هێندێکی دیکە ببێتەوە. فەزا هۆکاری یەکەمی ئەو هەڵچوون و هەستانەی خوێنەرە لە کاتی خوێندنەوەدا، بە گۆڕانکاری لە فەزادا ڕووداو و دەلالەتەکانیش دەگۆڕێن.

## بەشی دووەم:

## ڕەهەندەکانی فەزای دەلالی لە چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف)دا

چیرۆکنووس لە ڕێی زمانی چیرۆکەوە هەوڵی بارکردنی دەلالەتەکان دەدات، بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕێیانەوە ئەو دەلالەتانە لێک بداتەوە. دەمەوێ بڵێم زمانی دەق بارگاوییە بە کۆمەڵێ دەلالەت، خوێنەر هەوڵی کەشفکردنیان دەدات. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و دەلالی بە شتەکانی ناو چیرۆک دەبەخشێت، فەزایش وەکو بەشێك لە بنیادی گێڕانەوەیی دەق ئەو وێنەمان بۆ دیاری دەکات، کە لە ڕێی زمانەوە کێشراوە. بۆیەیش چیرۆکی نوێ چیدیکە وەسفی شتەکان بە شێوەیەکی ڕیالیزمانە ناکات، چیدیکە وەکو فۆتۆیەک شتەکانمان نیشان نادات، بەڵکو شتەکانمان لە ڕێی دەلالەتەوە پێشکێش دەکەن، بۆ ئەوەی خوێنەریش بەشدار بێت لە بنیادنانی بینای چیرۆک.

کاتێك باس لە فەزا دەکەین، کۆی فەزایە وردەکانی ناو دەق دەگرێتەوە. ئەو ((وێنەیە کە خوێنەر لەبارەی دەقەکەوە لە مێشکیدا دروست دەبێت، ئایا ئەو دەقە واقیعییە، یان خەیاڵی، چونکە فەزای گێڕانەوەیی لە کۆتاییدا، جودا لە فەزایەکی وەهمی ئەرێنی چیدیکە نییە.)) (نجمی، ٢٠٠٠ ، ٤٦) کەواتە: فەزا ڕۆڵی لە داڕشتنی هەموو ئەو هێڵە درامیانەی ناو چیرۆک هەیە، کە زمانی گێڕانەوە دروست دەکەن، ئەو زمانەیش سەرشارە بە دەلالەتی خوازەیی بە شێوەیەکی گشتی.

"جیرار جینێت" لە پێناسەکردنی فەزادا پێوەندی بە لایەنی دەلالی دەکاتەوە. لە کتێبەکەیدا (وێنە١) بەشێکی تایبەت بە ناوی (فەزا و زمان) تەرخان دەکات. لەوێدا لەبارەی فەزای ڕۆمانی نوێ دەپەیڤێت. بەوەی فەزا لەم ڕەگەزانەوە دروست دەبێت: زمان، بیرکردنەوە و هونەری نوێ، چوارچێوەیەکی گشتی بۆ فەزا دیاری دەکات. زمان لەم بارەدا چڕ دەبێتەوە، گێڕانەوەکان دەبن بە وێنە. ئەم چڕبوونەوەی زمانە هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانی دەلالەت، بۆ ئەوەی دەنگەکانیش هەریەکە گۆشەنیگای خۆی بدۆزێتەوە. هەموو ئەمانە تەنێ لە چوارچێوەی فەزا لەسەر لاپەڕەی دەقەکە دێن و وێنەیەک لە کن خوێنەر دروست دەکەن بۆ دەرهێنانی ڕەهەندی دیکە لە دەقەکەدا، چونکە ((گێڕانەوە لەوانەیە لە لایەنی زەمانییەوە لە ڕێکخستنی ڕۆژمێریی ڕووداوەکان دوا بکەوێت (وەك ئەو شتەی لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوودا دەیبینین، ئەگەرچی ژینێت خۆی لەم دەستەواژەیە کەڵکی وەرنەگرتووە)، یان لەوانەیە لەگەڵ ڕووداوەکان هاوکات بێت، یان لێیان وەپێش بکەوێت (بۆ وێنە، کاتێک وەگێڕ مەزەندە و گومانی خۆی دەربارەی داهاتوو دەردەبڕێت.)) (بێرتێنز، ٢٠١٥، ١٢٩)

نیشانی وێنەی یەکەم لە ڕێی زمانەوە لە گێڕانەوەدا سەرەتایەکە بۆ وێنەی دواتر، ئەمە "جینێت" ناوی دەنێت فەزای وێنەیی. "جیرار جینێت" دەڵێت: ((وێنە هاوکات ئەو فۆرمەیە فەزا خۆی تێدا دەردەخات، هاوکات زمان خۆی لەسەر بنیاد ناوە، لە پێوەندی لەگەڵ واتادا ڕەمزی فەزاییە بۆ زمانی ئەدەبی.)) (لحميداني، ٢٠٠٠، ٦١) ئاشکرایە زمان بەردەوام گەشە دەکات، کەواتە فەزایش واتاکانی بە گوێرەی گۆڕانی سەردەم دەگۆڕێت، چونکە دەکەوێتە بەر کاریگەرییە دەروونی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان. بۆیەیش ئەم تیۆریزانە گرینگی بە زمانی گێڕانەوە دا، وەکو

پێکهاتەیەک لە کۆمەڵی وێنە، لە کن وی وێنە فەزایە، لایەنی ئێستێتیکی دەقی ئەدەبیش لە فەزادا چوارچێوە دەگرێت. هەرچەندە ئەم پەیڤەی "جینێت" پتر بۆ ژانری شیعر دەست دەدا، نەك هونەرەکانی گێڕانەوە (ڕۆمان، چیرۆک...تاد)، بەڵام زمانی گێڕانەوەیش پڕە لە چڕبوونەوە و دەلالەت. لێرەدا خوێنەر (وەرگر) لە بەرهەمهێنانی دەلالەت و تێگەیشتنی دەق ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت. کەواتە: دەرکەوتنی فەزای دەلالی لە گێڕانەوەدا پێوەندی بە پرۆسێسەی بنیادنانی زمان لە چۆنیەتی دەربڕینی واتای ڕاستەوخۆی لە زیهنی خوێنەر هەیە.

ئەم تیۆریزانە لە توێژینەوەی لەبارەی فەزاوە، فەزا لە دوو شێوەدا دەبینێت:

١. فەزای دەلالی: ئەو فەزایەیە، کە لە مەدلوولی دیار (ئاشکرا) و مەدلوولی حەقیقیدا خۆی دەنوێنێ، (مەدلوولی حەقیقی/ مەدلوولی مەجازی).

٢. وێنە: ئەمە ڕەمزی فەزایی زمانی دەقی ئەدەبییە لە پێوەندی بە واتاوە، دەقی ئەدەبی سەرشارە خوازە و وێنەکان. بەمەیش شێوازێکمان لە پێوەندی بە واتای دووەمی دەق بەرهەم دەهێنێت.

"جیرار جینێت" لە کتێبی (فەزای نووسین)دا دەڵێت: شتە دیارەکان ڕەمزن بۆ فەزایی زمان، بەڵام شتە نادیارەکان لە فەزای نووسیندا خۆیان لە چۆنیەتی ڕێکخستنی وشە و ڕستە و گوتارەکان دەبینێتەوە، بەڵام ڕێکخستن و ڕیزبوونێکی ناکاتی (واتە بە شێوەی کرۆنۆلۆجی نەبێت). (جینێت، ٢٠٠٢، ١٦) کەواتە فەزا بنیادێکی دالی هەیە، کەواتە پێوەندییەکی پتەو لەنێوان دال وەکو ڕەهەندی ئاشکرای دەق و مەدلوول وەکو بنیادی ناوەوەی دەقدا هەیە.

ئەم چیرۆکانەی (سەدرەدین عارف) ژمارەیان نۆ چیرۆکە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە سەردەمی جیادا بڵاوکراونەتەوە. هەشت چیرۆکیان لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٧-١٩٧١)دا بڵاوکراونەتەوە، تەنێ چیرۆکی (شۆڕبوونەوە) نەبێت لە ساڵی (١٩٩٧)دا بڵاوکراوەتەوە. پاشان کۆی چیرۆکەکان لە لایەن (سابیر ڕەشید) کۆکراونەتەوە، لەگەڵ دوو وتاردا لەبارەی ئەزموون و چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف) لە ساڵی (٢٠١٨)دا بڵاوکراوەتەوە. ئاشکرایە قۆناغی دوای گۆڤاری گەلاوێژ بە قۆناغی سستی و بێ بەرهەمی چیرۆکی کوردی دادەنرێت. هەرچەندە چیرۆکمان

لەو سەردەمدا هەن، بەڵام دەقەکان چ لە ڕووی هونەری چیرۆکنووسینەوە، چ لە ڕووی تێمە و تەکنیکەوە لاوازن. دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوو دەیەی شۆڕش و بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی بوو. ((چیرۆکنووسان توانیویانە بیری نەتەوەیی و هەستی کوردایەتی بورووژێنن و بەشداری شۆڕشی رزگاریخوازی کورد بن و ببنە چەکێکی کاریگەر و ئەمەش لە چیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە بەشێکی دەوڵەمەند لە ئەدەبی بەرگری.)) (ڕەشید، ٢٠١٦، ٢٢) بەڵام لەگەڵ ئەوەیش چیرۆکی کوردی هێشتا لەژێر باری ئایدیۆلۆجیای چیرۆکنووس ڕزگاری نەببوو. هێشتا چیرۆک ئامرازێک بوو بۆ دەربڕینی هەست و ئایدیۆلۆجیای چیرۆکنووس. ئەم قۆناغە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی چیرۆکی کوردی چیدیکە خۆی بە کێشە و گرفتەکانی لادێ خەریک نەکات. چیرۆک لەم قۆناغە شار دەکاتە ناوەندی قسە لەسەرکردن. بە بڕوای من (سەدرەدین عارف) لەو یەکەمین چیرۆکنووسانەیە تێمەی لادێی لە چیرۆک بە شار گۆڕی. ئەو دێت باسی کێشە و گرفتە خودی و دەروونییەکانی تاکی شار دەکات. لەم چیرۆکانەدا هەست دەکەیت مرۆڤی شاریی چەند ماندووە. لە ڕووی تەکنیکەوە سەرەتایەکی زۆر باشە بۆ دەرکەوتنی چیرۆکی هونەری. فەزای کۆی چیرۆکەکان فەزای شارن، فەزایەکە تێیدا مرۆڤ لە بارودۆخێکی دەروونیی ئاڵۆز و ماندوودا دەژیت.

### ١. پێوەندیی فەزا بە زمانی دەقەوە

وەکو پێشتر گوتمان فەزای دەلالی بە ئاراستەی خوێنەرە، ئەوە خوێنەرە دەتوانی واتا بە لێکدانەوەی دەلالەتەکانی ناو چیرۆک واتای دیکە بە دەقەکە ببەخشێت. لێرەدا زمانی چیرۆک، وشە و ڕستەکانی لە وشە و ڕستەی شیعری نێزیک دەبنەوە. چڕبوونەوە و بەکارهێنانی زمان بە شێوەی خوازە و دەلالی هەوڵێکە بۆ ئەوەی فەزایەک بە خوێنەر بدات، کە دیوی دووەمی وشەکان ببینێت. زۆر وشە هەن دەردەکەون، هێندێک لادەبرێن. دەمەوێ بڵێم گەمەیەکی زمانیی ورد لە گۆڕێدا دەبێت، ئەویش لە پێناوی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، چونکە دەلالەت هەموو شتێك بە ئامادەکراوی بە دەستەوە نادات. لە چیرۆکی (**کوێرەڕێیەکی ژیان**)دا وەگێڕ کەسی

یەکەمی تاکە، کاتێك لە ناو بازاڕ دەڕوات، ئاگای لە خۆی نییە، بەم شێوەیە وەسفی کەسێکمان بۆ دەکات. ((کابرا وای وت و تفێکی هەڵدایە زەوی و لێم تێپەڕبوو، کابرایەکی ئەفەندی ورگزلیش کەوتبووە شوێن عارەبانەکە و بە دەسەسڕێك پەیتا پەیتا ئارەقەی لە دەموچاوی ئەسڕی.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ١٧) وەکو لە پێشتر بەرباسمان دا، (سەدرەدین عارف) فەزای چیرۆکی کوردی لە لادێوە بۆ شار گۆڕی. دەمەوێ بڵێم مەیدانی ململانێ و ڕووداوەکانی ڕووداوەکانی لە لادێوە هێنایە چەقی شار. ئاشکرایە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شار چینی زۆرتر تێدایە، هاوکات ململانێی چینەکان پتر دەردەکەوێت. لەم چیرۆکەی سەرەوەدا کابرایەکی گوندیی کوڕەکەی گیراوە، دوو مریشکی وەکو دیاری بۆ ماڵی (نەژاد) هێناوە، تاکو هەوڵی بۆ بدا کوڕەکەی بەربدات. لێرەدا چیرۆکنووس زمانێکی خوازەیی بەکارهێناوە، بەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ جیاوازیی چینایەتی نەکردووە، بەڵکو بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ کردووە. وشەی (ورگزل) وەسفێکە لەلایەن کەسێکی هەژارەوە بۆ کەسێکی ساماندار و دەوڵەمەند بە کاردێت، چونکە وەگێڕ خۆی کەسێکی هەژارە وەکو جنێوێک ئەم وەسفەی بۆ بە کار دەهێنێت. لە ڕێی ئەم دەلالەتەوە دەزانین، کابرا کەسێکی دەوڵەمەندە و کەسانی دەوڵەمەندیش شت و پێداویستی خواردن و ماڵەوە بە کیلۆ ناکڕن، بەڵکو بە فەردە و کیسە دەیکڕن، بۆیەیش کابرایەکی حەماڵی گرتووە بە عارەبانەکەی شتەکانی بۆ دەگوازێتەوە ماڵەوە. هاوکات کاتێك دەڵێت: بە دەسەسڕێک ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕی، ئاماژەیە بۆ خۆ بەزلزانین، ئارەقە دەکات، بەڵام ئارەقەکەی لە ئەنجامی هیلاکی و کاسبییەوە نییە، بەڵکو لە ئەنجامی قەڵەوی و هیلاکیەتی لە ڕۆیشتن. کابرای حەماڵیش ئارەقە دەڕێژێت، بەڵام بۆ پارووە نانێکە. لە ڕێی ئەم قسانەوە دەتوانین جوایەزی چینایەتی و ململانێی چینایەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەرخەین. خوێنەر ڕاستەوخۆ دەزانێت، چیرۆکنووس هەوڵی نیشاندانی پێوەندیی نێوان دوو چین دەدات، لەلایەکی دیکەوە چیرۆکنووس لە ڕێی ئەم چیرۆکەوە دەیەوێ گوزارشت لە کۆمەڵی کوردی بکات، چیرۆکیش وەکو چالاکییەکی زیندوو بۆ ئەم بوارە دادەنێت. وەکو "مەدام دی ستایل" دەڵێت: ئەدەب چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و گوزارشتیش لە کۆمەڵ دەکات. کەواتە: ئەم چیرۆکە

هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵ، چونکە ((سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بریتییە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، یان بە مانایەکی تر لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و چینی کۆمەڵایەتی.)) (ساڵح، ٢٠١٢، ١٥٧).

لە چیرۆکی (**ڕاستیی مەسەلەکە**) باسی دوو پێشمەرگە دەکات، یەکیان هاوڕێیەکی خۆی دەکوژێت. بەڵام لەسەر ئەوە دادگایی دەکرێت و دەیانەوێ لە پێشمەرگایەتی دەری بکەن. ((کاک شێرزاد پێی بڵێ با چەکەکەم لێ نەسێنێتەوە، چونکە چەکەکەم بووەتە پارچەیەک لە لەشم و ناتوانم لێی جیاببمەوە. پێی بڵێ با چەکم نەکات، هەرچی ئەڵێ بە قسەی ئەکەم و بۆ کوێ بمنێرێ ئەڕۆم.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٢٩) ئاشکرایە میللەتی کورد چەندین شۆڕشی چەکداری هەڵگیرساند لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانی. بۆیەیش چەک وەکو هۆکارێک بۆ بەرگری و سەندنی ماف، بەشێک بووە لە تاکی کورد. تەنانەت چەک و تاکی کورد لە ڕووی کولتوورییەوە دووانەن، هیچ ماڵێکی کورد نەبوو چەکی تێدا نەبووبێت، چەک بەشێک بووە لە شەڕەفی تاک. لە زۆربەی سەردەمەکان تاک، ئەگەر بکوژرابا پێی باشتربوو لەوەی چەکەکەی بە دەستەوە بدات. لێرەدا چەک وەکو دەلالەتێك هاتووە، مەدلوولی چەک شەڕەفە، شوناسە. ئەو شوناسە لە شوێنێکی دیکە نەهاتووە، بەڵکو بەرهەمی عەقڵ و بیرکردنەوەی تاکی کوردە. دەمەوێ بڵێم مەبەستم لە شوناس هەم دیوە کۆمەڵایەتییەکەیەتی و هەم دیوە بوونییەکەی. دیوە کۆمەڵایەتییەکەی کارەکتەر دەیەوێ ئەوە بە (شێرزاد) بڵێت ئەو شوناسێکی هەیە، واتە: دەیەوێ لە شوناسی تاکایەتییەوە بۆ شوناسی نەتەوەیی بچێت. کەواتە: کارەکتەر هەم شوناسی خۆی و هەم شوناسی نەتەوەیی لە چەکدا دەبینێتەوە، بۆ؟ چونکە لە ڕێی چەکەوە دەیەوێ ئەو شوناسە زەوتکراوەی بسێنێتەوە، کە خەباتی بۆ دەکات. ((کاک شێرزاد مەهێڵە چەکم بکەن. با چەکەکەم لێ نەسێننەوە و لەم ناوە دەرم نەکەن، چونکە من ماڵم نییە. ئەم ناوچە ئازادکراوانە بە ماڵی خۆم ئەزانم. ئەگەر ئەتەوێ، دێم دەستی هەموویان ماچ ئەکەم. پێڵاوەکانیان ئەنێمە سەر سەرم.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٣٣) دەبینین کارەکتەر لە شوناسی چینایەتی چۆتە دەرەوە، پەڕیوەتەوە بۆ شوناسی نەتەوەیی، بەمەیش

کارەکتەر شوناسی تاکگەرایی خۆی لە دەست دەدات، بەڵکو ئەو لە ڕێی چەکەوە دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێت، لە ڕێی چەکەوە دەتوانی بیر بکاتەوە. ئەگەر کارەکتەر لەو ناوچانە دەربکرێت، دەبێتە کەسێکی بی شوناس، کەسێکی بێ ماڵ و جێ. لێرەدا شوناسی کارەکتەر پێوەستە بە شوناسی ئەوانی دیکەوە، ئەو بەبێ ئەوان شوناسێکی نییە. کەواتە ئەو جودا لە سێبەرێک چیدیکە نییە. ئەو کەسێک نییە خۆی ناسیبێت. ((ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە ئینسان تەنها لە ڕێگای تەماشاکردن و ناسین و ڕاڤەکردنی جیهانی کۆمەڵایەتییەوە دەزانێت خۆی کێیە، خودناسین پێویستی بە واقیعناسین هەیە و واقیعناسینیش پێویستی بە فیکر هەیە.)) (قانیع، ٢٠٠٣، ١٩٥) کەواتە: کارەکتەر کەسێکە هێشتا خۆی نەناسیوە، بۆیەیش ناتوانێت شوناسی خۆی دیاری بکات. هەرچەندە ئەو شوناسی خۆی لەو شوێنە و چەکەکەیدا دەبینێتەوە. لەم نموونانەی سەرەوە زمانی دەق زمانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو پڕە لە دەلالەت، خوێنەر بەرەو بیرکردنەوەی دیکە دەبەن. زمان لێرەدا بە شێوەیەکە خوێنەر دەبێ لە نێوان ئەوەی دەربڕاوە و ناوەرۆکەکەی هەڵوێستە بکات. ئەوەی لە ئاستی ناوەوە دەربڕاوە قووڵترە لەوەی لە ئاستی سەرەوە دەربڕاوە. بەڵام ئەوەی گرینگە چیرۆکنووس چۆن پێوەندی سیاقی و دەلالەتی لە نێوان توخمەکانی ناو چیرۆک دروست دەکات، بە ئامانجی ئەوەی لەگەڵ هونەری چیرۆکدا یەک بێتەوە. شیعرییەتی چیرۆک لەم دەقانەدا تەنێ لە ڕێی زمانی شیعرییەوە دروست نابێت، دەمەوێ بڵێم جودا لەوەی بابەتی پاتبوونەوە لە ئاستەکانی زماندا ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی شیعرییەتدا هەیە، خوێندنەوەی فرەیش یەکێکە لە گرینگترین شێوازەکانی شیعرییەت لەم چیرۆکانەدا. واتە ئەوەی دەقەکان لە ڕێی دەلالەتی جوایەز، مەدلوولی جوایەز و فرە دروست دەکەن. بۆ نموونە ناوی کارەکتەرەکان. چیرۆکی (**باڵی شەوگار**) کارەکتەرەکانی منداڵن، سەرلەئێوارەیە و دەیانەوێ یاری بکەن. یەکیان ناوی (شێرکۆ)یە، ئەوی دیکە ناوی (فەرهاد)ە. دەبینین ئەو ناوانە جودا لەوەی ناوی کوردیین. ئاشکرایە دەیەی شەست و حەفتا خەڵک بە گشتی و چینی خوێندەوار بە تایبەتی وەکو هەڵوێستێکی نەتەوەیی ناوی منداڵەکانیان ناوی کوردی بوو. ئەمەیش وەکو هەڵوێستێک دژ بە داگیرکاری و شۆڕشێک بوو. ئەو ناوانە ناوێکی ئاسایی نین، بەڵکو مەدلوولی ئەوەیان

لە پشتە وەکو هەڵوێست دەبێ تەماشا بکرێن. کەواتە: ((دەرکەوتنی فەزای دەلالی پرۆسێسەیەکە ڕێی بنیادی زمانی بۆ دەربڕینی واتای ڕاستەوخۆ لە زیهنی خوێنەر بۆ ئاستێکی گەورەتر، کە تێیدا توخمە جوایەزەکانی ڕۆمان لە ڕووداو و کارەکتەر و کات بگوازێتەوە. بەوەی وشە واتایەکی جێگر و نەگۆڕی نییە، ئەو گەوهەری دەلالییە بە شێوازی جوایەز لە هەموو سیاقێکدا خۆی پراکتیزە دەکات.)) (تودوروف، ٢٠٠٥، ٨٤) کەواتە: ئەوەی لە ڕێی زمانەوە ئەنجام دەدرێت، پیشاندانی دیوی دووەمی دەقە، گوتنێکی نەگوتراوە، دەبی خوێنەر ئەو گوتنە نەگوتراوە کەشف بکات.

## ٢. فەزای من

لە چیرۆک یەکەم شتێک خوێنەری بەری بکەوێت، وەگێڕە. یەکەم پرسیارێک خوێنەر بیکات ئەو ڕووداوانە لە گۆشەنیگای کێ دەگێڕدرێنەوە؟ لە گێڕانەوەی کۆندا نووسەر لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕووداوەکانی دەگێڕایەوە، دەچووە ناو ڕووداوەکان، تەنانەت بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان، بەڵام لە چیرۆکی نوێدا ئەم دەسەڵاتە لە نووسەر وەردەگیرێتەوە. هەرچەندە ناوی ئەو کەسەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە دەبێتە وەگێڕ، بەڵام زۆرجار خۆی کارەکتەرێکە لە کارەکتەرەکان. ئەو کارەکتەرە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر فەزای چیرۆکەکەدا هەیە. ئەم وەگێڕە ((ڕۆڵی لە بە ئەنجام گەیاندنی ڕووداوەکاندا هەیە، چیرۆکەکە لە ناوەوە دەگێڕێتەوە بە بینینێکی خودییانە پێشکەشیان دەکات.)) (موفتی، ٢٠١٢، ٢٨) پێوەندیی وەگێڕ بە پێکهاتە گوتاریەکانی چیرۆک لە کاریگەری لەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی وەگێڕیی خۆی دەردەکەوێت. ئەو وەگێڕەی لێرە بەرباسی دەدەین، وەگێڕێکە بوار بۆ کارەکتەرەکان ناهێڵێتەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن. لێرەدا وەگێڕ بە جێناوی کەسی یەکەم (من/م) گوزارشت لەو ڕووداوانە دەکات، کە بە چاوی خۆی بینیویەتی، یان تێیدا دەژی، هاوکات کارەکتەرێکی سەرەکییە، چونکە ئەگەر ئەم وەگێڕە نەبێت، خوێنەر هیچ لەبارەی ڕووداو و کات و شوێنی ناو چیرۆکەکە نازانێت. زۆربەی چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف) وەگێڕە بە جێناوی کەسی یەکەم، وەکو وەگێڕی

ناوەوەی بەشدار لە رووداوەکان دەردەکەوێت. لە ڕووی گۆشەنیگاوە، گۆشەنیگای لەگەڵ کارەکتەرە، واتە زانیاریی هێندەی کارەکتەرەکانە.

لە کۆی چیرۆکەکانی (سەدرەدین عارف)دا چیرۆکەکانی (**کوێرەڕێیەکی ژیان، ڕازێک، ڕاستیی مەسەلەکە، ڕێبوار و ڕێگە، گەشتێک، سێگۆشەی باسێکی کۆن**) بە جێناوی کەسی یەکەم (من/م) ڕووداوەکانی دەگێڕدرێنەوە. وەگێڕ کەسی یەکەمی تاکە، لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕووداوەکان باس دەکات، هاوکات لە کۆی ئەم چیرۆکانەی سەرەوەدا وەگێڕ کارەکتەرێکە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکە دەچێتە پێشەوە. لەم چیرۆکانەدا وەگێڕ دەسەڵاتی تەواوی هەیە، ئەگەر ئەو زانیارییەکانمان نەداتێ ئەوا ئێمەی خوێنەر هیچ لەبارەی ڕووداوەکانەوە نازانین. لە چیرۆکی (**گەشتێک**)دا وەگێڕ بەم شێوەیە دەست بە گێڕانەوە دەکات. ((لەشم تۆزێ گران بووبوو، مێشکیشم زۆر وڕ بوو. پۆلیسێك لەولامەوە لەسەر سندووقەدارێك دانیشتبوو، بە ڕوویەکی مۆن و چاوێکی پڕ لە گومانەوە سەیری ئەکردم.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٤٣) ئامادەیی وەگێڕ یەکێکە لە پێکهاتەکانی چیرۆک، گۆشەنیگای تایبەت بە خۆی هەیە، کاریگەریشی لەسەر ئەو واقیعەی تێیدا دەژی هەیە، هاوکات دەکەوێتە بەر کاریگەریی هەمان واقیع. لەم چیرۆکەی سەرەوەدا وەگێڕ لەبەردەم مەیخانەیەک وەستاوە، باسی باری جەستەیی و دەروونیی خۆی دەکات. لێرەوە پێوەندیی مرۆڤ بەو فەزایەی تێیدا دەژی دەردەکەوێت. لە ڕێی وەسفکردنی باری جەستەیی و دەروونیی خۆی ئێمە دەزانین ئەو کەسە لە مەیخانە هاتۆتە دەرەوە و خواردوویەتیەوە، بەمەیش دەمانباتە ناو فەزایەک، کە وەگێڕ بە تەنیا نییە، بەڵکو هاوڕێیەکی هەیە و چاوەڕێیەتی بێتە دەرەوە.

وەگێڕ لەم بارانەدا هەوڵدەدا واقیعی کۆمەڵەکەی باس بکات. بۆیەیش هەمیشە هەوڵدەدا شتەکانی دەوروبەری، کارەکتەرەکان، شوێن و کاتەکان وەها نیشان بدات، خوێنەر بخزێنێتە ناویانەوە. ((دنیا تا ئەهات گەرمتر ئەبوو، ناو ئۆتۆمبێلەکەش پەنگی خواردبووەوە لە بای گەرم و دووکەڵە جگەرە. هێشتا لە نیوەی ڕێگەداین. ئاوەکەم لە دەست سەربازەکەی ئەملامەوە سەند و بە هەموو هێزمەوە بینم پێوە نا، بەڵام زۆری پێنەچوو دیسانەوە قوڕگم لە جاران وشکتر بوو.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٢١) ئەم دەسپێکی

چیرۆکی (**ڕازێك**)ە، ئەم چیرۆکە وەگێڕەکەی کەسی یەکەمی تاکە. دەبینین وەگێڕ شتەکانمان دەداتێ، وەسفەکانمان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی هەموو دیمەنەکان وەکو فیلمێک لەبەر چاومان ڕوون بێت. بەم هۆیەوە دەزانین وەگێڕ لەناو ئۆتۆمبێلێکە، وەرزی هاوینە، زیادتر لە کەسێکی لەگەڵدایە. هەموو ئەو وەسفانە فەزایەک دروست دەکەن، وەگێڕ لە گەشتێکی ناچاریدایە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. ((جگەرەکە قوڕگی تاڵ کردم، بەڵام زەردەخەنەکەی کابرا فەرامۆشییەکی خستە دڵم. ئەمە یەکەم ئەفەندییە، یەکەم کەسە بەم جۆرە لەگەڵمدا ڕووخۆش بێ!)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٢٢) دەلالەتی ئەم قسانە ئەوەیە، کە وەگێڕ کەسێکە لە گوندەوە بە هۆی سووتاندنی گوند و هەژارییەوە هاتوونەتە شار، چونکە کاتێک دەڵێت: ئەفەندی، ئەم وشەیە کەسانی هەژار و نەخوێندەوار بە کەسانی دەوڵەمەند و خوێندەواریان دەگوت. هەمیشە ئەو کەسانە خۆیان لە کەسانی هەژار و کرێکار جودا دەکردەوە. تەنانەت گەڕەک و شوێنی نیشتەجێبوونیان. بۆ نموونە لە شاری هەولێر، پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ دانیشتووی گەڕەکەکانی: ئازادی، موفتی، ئەندازیاران و ڕووناکی خوێندەوارتر و دەوڵەمەندتر بوون لە خەڵکی گلکەند، مەنتکاوە، سەیداوە و سێتاقان. تێکەڵاوییان کەمتریش بوو. بۆیەیش وەگێڕ پێی سەیربووە کەسێکی ئەفەندی زەردەخەنەی بۆ کردووە. وەگێڕ هەمیشە بە بەکارهێنانی جێناو گوزارشت لە خۆی دەکات، بۆئەوەی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە خۆی بەرهەم بهێنێت، پەیڤەکانیشی دەربڕی ئەو بیرکردنەوە دیاریکراوەن. ئەمە واتای ئەوە نییە وەگێڕ هەوڵی گوزارشتکردن لە ئایدیۆلۆجیاکەی دەدات، بەڵکو مەبەست لێی گوزارشتکردنە لە بیرکردنەوە و هەڵوێستەکانی لەبارەی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. ڕووداوەکان دەبنە شانۆیەک بۆ ئەوەی وەگێڕ ژیانی تێدا باس بکات. بەمەیش فەزای ئەو ژیانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وەگێڕ تێیدا دەژی. هاوکات ئەو فەزایەی وەگێڕ دەیەوێ سەبارەت بە ئامانج و ئارەزووەکانی دروستی بکات. بۆ نموونە لەو چیرۆکەی سەرەوەدا وەگێڕ دەیەوێ بچێت سەردانی کوڕە زیندانیکراوەکەی لە بەغدا بکات، دەکەوێتە تەنیشت عارەبێك، هەر قسە بۆ کابرای عارەب دەکا، لە کۆتاییدا کابرا دەڵێ من کوردی نازانم. هەموو نەهامەتیەکانی ژیانی بۆ کابرا باس دەکات، خوێنەریش

لەگەڵ کابرای عارەب گوێ ڕادەگرێت، فەزایەکی وا بۆ خوێنەر دەخوڵقێنێت، خوێنەر هەست ناکات کابرا بەو بێگانەیە، بەڵام لە ناکاو کابرای عارەب بە دەنگ دێت و دەڵێ: کوردی...ما اعرف. ئەم ڕستە لێدانێکە لە زیهنی خوێنەر، بە ئاگا هێنانەوەی خوێنەرە، کە وەگێڕ فێڵی لێ کردووە. کەواتە وەگێڕ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، خوێنەر بخاتە فەزایەکەوە، گەمەیەک بە زیهنی خوێنەر بکات، ئەویش بە ئامانجی باسکردنی ژیان و گرفت و کێشەکانی خۆی. لەو ڕێیەوە فەزا دەتوانێ کۆمەکی باش بە وەگێڕی جێناوی کەسی یەکەم بکات. وەگێڕ بەو هۆیەوە کۆی قسەکانی خۆی دەکات.

### ٣. فەزای ڕۆشنبیری

### ١. دەلالەتی سیاسی

لێرەدا بۆ دەرهێنانی دەلالەتی سیاسی لە چیرۆکەکان بە ناچاری دەبێ بۆ ئەو شوێنانە بگەڕێینەوە، کە دەلالەتی سیاسییان هەیە. بۆ نموونە زیندانی، یەکێکە لەو شوێنانەی هەمیشە دەلالەتی سیاسی هەیە. ئاشکرایە بەندیخانە بۆ ئەو کەسانە، کە لە ڕووی یاساییەوە پێشێلی یاسا دەکەن، دەوڵەت ئەو کەسانەی دەبنە مایەی زیان بۆ سەر تاک و کۆمەڵ لەوێدا بەندیان دەکات. ئەم بەندکردنەیش لە چوارچێوەی یاسادا دەبێت. بەڵام هێندێ زیندانی هەن لەسەر بابەتی ئایدیۆلۆجی و سیاسی بەند دەکرێن. بۆیەیش لە ئەدەبیاتی کوردیدا کاتێک ناوی بەندیخانە دێت، یەکسەر دەلالەتی سیاسیمان بیردەکەوێتەوە.

لە چیرۆکی (**ڕازێک**)دا کارەکتەری سەرەکی، هاوکات وەگێڕیشە بە دوای کوڕەکەی بۆ بەغدا سەفەر دەکات. ((قوربان قالەی کوڕم زۆر هەژار و چارەڕەشە، پاش کۆچکردنمان بۆ شار، شەو و ڕۆژ ئیشی ئەکرد، هێشتا خۆی و ژنەکەی و هەر چوار منداڵەکەی هەر بە سکێ تێر و یەکێ برسی شەویان ئەبردە سەر. تا ڕۆژێک خۆی و چەند کەسێکی تر وەکو ئەو گیران و پاش دارکارییەکی زۆر و ماڵ پشکنین بە دوای چەکدا، ڕەوانەی بەغدا کران. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا هیچ سۆراخێکی نەبوو.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٢٤) دەلالەتی سیاسی لەم پەرەگرافەدا بە ڕوونی دیارە.

زیندانەکان لە وڵاتانی وەکو عێراق پتر بۆ سیاسییەکان بوون، چونکە میللەتی کورد هەمیشە چەندین شێوازی خەباتی بۆ خەونی ڕزگاری و سەربەخۆیی لەژێر دەستی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەکار دەهێنا. بۆیەیش کەسانی سیاسی تووشی گرتن و زیندانیکردن دەبوونەوە وەگێڕ بە ڕوونی ئاشکرای دەکات، کوڕەکەی لەسەر بابەتی سیاسی گیراوە، چونکە کاتێک دەڵێ ماڵیان دەپشکنی بە دوای چەک، ئەوە دەلالەتی ئەوەیە، کوڕەکەی هەواڵی لێ دراوە، کە لە یەکێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکان کار دەکات. ئاشکرایە زیندان شوێنێکی داخراوە، شوێنی کۆنترۆڵکردن و دەستەمۆکردنە، هەموو دەرگە کراوەکانی بەسەردا دادەخرێت. فەزایەکە بەسەر دەرەوەدا داخراوە، فەزایەکە کەسەکان بە زۆر و بە خورتی تێدا نیشتەجێ دەکرێن. کارەکتەر لەوێدا بەند کراوە بەبێ ئەوەی مافی هەڵبژاردن و دیاریکردنی ماوەکەی خۆی هەبێت. واتە ئەو ماوەیەی لەوێدا دەمێنێتەوە بەسەریدا سەپێندراوە.

ئەوەی جێی سەرنجە لە چیرۆکی (**گەشتێک**)دا کارەکتەرەکان لە ساتی دیالۆگدا باسی کەسێک، کە دیارە هاوڕێی ئەوانە و گیراوە.

((پاش بێدەنگییەکی زۆر پرسی:

"قالە بەر نەبووە؟"

وتم: "نەء."

وتی: "کەس نەچووە بۆ لای؟"

وتم: "هێشتا کەس نازانێ لە کوێیە؟" )) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٤٤).

هەرچەندە جوایەزی نێوان ئەو دوو چیرۆکە، چیرۆکی (**ڕازێك- ١٩٦٨**) و چیرۆکی (**گەشتێک- ١٩٧١**) سێ ساڵە و دوو چیرۆکی تەواو جوایەزن، بەڵام لە هەردووکیاندا کەسێک بە ناوی (قالە) گیراوە. بە بڕوای من ئەگەر ئەمە شتێکی نائاگاییانەیش بێت، ئەوا جۆرێک لە دروستکردنی فەزایە بۆ خوێنەرەکانی. دەبینین دوو هاوڕێ لە مەیخانە دێنە دەرەوە و پیاسەیەک دەکەن، باشە بۆ لە ناکاو باسی (قالە) هاتە گۆڕێ؟ لە چەند ڕستەیەکی هەواڵپرسین باسی (قالە) دەکرێت و دەبڕێتەوە، ئیدی تا کۆتایی چیرۆکەکە هیچ باسێکی دیکەی ناکرێتەوە. کەواتە: زیندان شوێنێکە داخراو، کرانەوەی بەستراوەتەوە بە جووڵەی کردنەوە، یان داخرانی دەرگاکان. زیندان

شوێنێکە سیفەتی کۆمەڵی باوکسالاریانەی هەیە، ئەویش بە لووتکەی دەسەڵات لەناویدا و توندوتیژی بەرانبەر هەموو ئەوانەی ڕێنمایی و یاساکان پێشێل دەکەن. بۆیەیش ئەوانەی زیندانی دەکرێن تا ماوەیەکی زۆر کەس هەواڵیان نازانێت، گەڕانەکان بێ سوود دەبن، تا خۆی هەواڵ بە کەسێک دەنێرێت، یان دەسەڵات شوێنەکەی ئاشکرا دەکات.

دەلالەتێکی دیکەی سیاسی لەم چیرۆکانەدا، لە زۆر شوێن وەگێڕ ئاماژە بە ناوچە ئازادکراوەکان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دەکات. ئەو ناوچانە وەکو دەلالەتێکی سیاسی دەردەکەون، ڕەهەندی ئارامی و خۆشی ژیانیان تێدایە. لە چیرۆکی (**ڕاستیی مەسەلەکە**)دا چەند جارێک ناوی ناوچە ئازادکراوەکان دێتە پێشەوە. ((لەو ماوەیدا شەفەشەلم تیا ناسی. وتیان شەفەشەل ئەفەندی بووە و وازی لە ژیانی شارستانییەتی هێناوە و هاتووەتە ڕیزی ئێمەوە بۆ ڕێکخستنی خەڵکی گوندە ئازادکراوەکان و بۆ کۆکردنەوەی پارە و خواردەمەنی بۆ ئێمە.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٣٠) ئەو ناوچانەی لەلایەن شۆڕشەوە ئازاد کرابوون، خەڵکی بە شوێنی ئارام و ئازادیان دەزانی. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شوێنانە، مامەڵەکردنێکی سۆزدارانە نییە، بەڵکو مامەڵەکردنێکی هونەریانەیە. ((واتە دەبێت بە شێوەیەک وەسفی شوێن بکرێت، کە خوێنەر بتوانێت لە ڕێگەیەوە بە کارەکتەرەکە ئاشنا بێت.)) (سەعید، ٢٠٠٩، ١٤٦) خوێنەر لە ڕێی ناوهێنانی شوێنە ئازادکراوەکان پتر لەبارەی کارەکتەر (شەفەشەل) دەزانێت، ئامانج لە هاتنی بۆ ناو شۆڕش، ئەرک و کاری ڕوون دەبێتەوە. ئەو ناوچە ئازادکراوانە دەلالەتی ماڵ دەگەیەنێت، چۆن مرۆڤ لە ماڵی خۆیدا هەست بە ئارامی و حەوانەوە دەکات، خەڵکیش ئەوکات بۆ ئەو ناوچانە کۆچیان دەکرد، بۆ ئەوەی لەوێدا بە ئارامی بحەوێنەوە. لەو ناوچانەدا تاکی کورد ناسنامەی خۆی دۆزیوەتەوە، چونکە هیچ کەسێک لەوێدا ئازادییەکانی پێشێل ناکات.

### ٢. دەلالەتی کۆمەڵایەتی

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، چیرۆکنووس یەکێکە لەو هەوڵین کەسانەی فەزای لادێی لە چیرۆک بۆ فەزای شار گۆڕی. کەواتە: ڕۆڵ و ئەرکی چیرۆک وەکو

ژانرێکی ئەدەبی لە وێناکردنی کۆمەڵی کوردی دەگۆڕێت، چونکە لە شار بەرکەوتن و ململانێیەکان وەک لە لادێ سەختترن. ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك پڕ کێشەترە وەک لە لادێ. ڕەخنەگرانی بواری سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بڕوایان وایە ڕۆمان و چیرۆک شێوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵە نوێیەکان وێنا دەکات. هەوڵ دەدات ئەو ململانێ کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجیەی لەناو کۆمەڵدا هەیە وێنای بکات.

هەژاری وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەردێکی کوشندە، هەمیشە شیرازەی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردی تێکداوە. کێشەی زۆربەی کارەکتەری ئەم چیرۆکانە هەژارییە. بەتایبەتی ئەوانەی بە هۆکاری ماڵ سووتاندن، تێکدانی گوندەکانەوە ڕوویان لە شار کردووە. کەواتە: هەژاری لە شار سەرچاوەی سەرەکیی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە. لە ڕێی ئاماژەکردن بۆ هەژاری ئێمە دەتوانین لە جیهانبینیی چیرۆکنووس بۆ باری کۆمەڵایەتی ئەو کات بزانین.

لە چیرۆکی (**شۆڕبوونەوە**)دا ژن و مێردێکمان هەیە، منداڵێکی ساوایان هەیە، ژنەکە پێشتر بە هۆی کێشەی هەژاری و نەدارییەوە چۆتەوە ماڵە باوانی. باوکی هێناویەتەوە. ((کوڕم ئەوا نەسرینم هێنایەوە. تۆش هیمەتێ بکە و ئاگات لە بژێویی ئەوان و خۆشت بێت. دەمەوی بەڵێنم بدەیتێ کە ئیتر قۆڵی لێ هەڵماڵی و بە ئیشێکەوە بگیرسێیتەوە. بەسە ئیتر.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٥٨) هەژاری هۆکارێکە بۆ ئەوەی گەشەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵێک بوەستێت، تەنانەت هوشیاریی کۆمەڵایەتیش کز دەبێت. دەبینین واقیعی کۆمەڵایەتی ئەو کاتی کۆمەڵی کوردیمان نیشان دەدات. ئەگەر ماڵێک هەژار بێت، بەردەوام کێشە و گرفتی هەیە. ئەم دیمەنانە ژینگەی کۆمەڵایەتی و میللیی کورد نیشان دەدات. بۆیەیش تاکەکان ناتوانن بیر بکەنەوە، هوشیاریی کۆمەڵایەتییان گەشە بکات. ئەگەر لە لادێ ململانێی چینایەتی لەنێوان جووتیار و ئاغادا بێت، ئەوا لە شار دەبێتە ململانێی چینایەتیی نێوان کرێکار و خاوەن کار (سەرمایەدار). بۆیەیش ئەم کارەکتەرە بە هۆی بێ کارییەوە شیرازەی خێزانەکەی تێکچووە. هەرچەندە (کاک هیوا) ناوێك نامەیەکی پێداوە بۆ ئەوەی بچێتە شوێنێک و کارێکی بۆ بکەن، بەڵام بە هۆی ئەوەی ناتوانێ بگاتە هەمان کەس ، ناتوانێ کاری دەستکەوێت.

لە چیرۆکی (**کوێرەڕێیەکی ژیان**)دا کارەکتەر وەها گوزارشت لە دۆخی ژیانی دەکات. ((ماوەیەکە بە کولەمەرگی ئەژیین، بەڵام هیچ لە وزەمان نەماوە و ناتوانین لەمە زیاتر لەسەر ئەو ژیانە بڕۆین، چونکە کەس فەرمایشێکم پێ ڕەوا نابینێ! لەبەر ئەوەی کە گوایە من پیر و پەککەوتووم و توانای ئیشکردنم نەماوە.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ١٩) کارەکتەر دەردەدڵی خۆی بۆ کەسێک دەکات، کە پیر بووە، کەس کاری پێ نادات، چونکە خەڵک وا بیر دەکەنەوە ئەو ناتوانی کار بکات. تەنانەت ژیانیان هێندە قورسە ناتوانن بەو شێوەیە بژین. هەر کۆمەڵێک هەژاری تێیدا زاڵ بوو، ئەوا یاخیبوون و تاوانی تێدا ڕوودەدات. ژینگەی هەژاری پاڵنەرە بۆ تاوان. لە بەرانبەردا دەوڵەمەندەکان شتەکان قۆرخ دەکەن. لێرەدا ململانێیەکان پیشان دەدات. تەنانەت فەزایەک لە ڕێی ئەم وشانەوە دروست دەکات، خوێنەر حاڵ و گوزەرانی ئەوان هەست پێدەکات.

### ٣. دەلالەتی ژن

کاتێك توێژینەوە فیمینیستەکان بڵاو دەکرێنەوە، ژان دەبێتە تێمە و ناوەندی توێژینەوە. لێرەوە توێژینەوەکان بە دوو ئاراستەدا کار دەکەن. هێندێک ئەو دەقانەی لەلایەن پیاوانەوە دەنووسرێن و باسی کێشە و ئازارەکانی ژنان دەکات، هێندێکی دیکە ئەو دەقانەی لەلایەن خودی ژنانەوە دەنووسرێن. مێتۆدی ڕەخنەی فیمینیستی لەسەر هەردوو ئاراستە کاری کردووە. ڕاستە ژنان ئەگەر لەبارەی سروشت و بیرکردنەوە و ئازارەکانی خۆیان بنووسن، باشتر دەتوانن گوزارشتیان لێ بکەن، بەڵام سەتان دەقمان هەیە، لەلایەن پیاوانەوە نووسراون و بە شێوەیەکی هونەری باسی کێشە و ئاریشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ژنانیان کردووە. دواتر جنسییەت دێتە ئاراوە. ((ئەم جۆرە ڕەخنە فیمینیستییە سەرقاڵی توێژینەوەی ورد و پڕ بە پێستی ڕۆڵ و دەورە جنسییەتەکان دەبێت. جنسییەت پەیوەندی بەوەوە نییە کە ژن و پیاو لە ڕاستیدا چۆنن، بەڵکو پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لە کلتوورێک، یان وردە کلتوورێکدا ژن و پیاو چۆن دەبیندرێت و بە وتەیەکی تر چۆنچۆنی بە شێوەیەکی کلتووری چێ دەکرێن و دێنە ئاراوە.)) (بێرتێنز، ٢٠١٥، ١٧١)

لەم چیرۆکانەدا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەلالەتەکانی ژن نیشان دراون، دەمەوێ بڵێم چیرۆکی تایبەت لەسەر ژن و گرفتەکانی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا تێدا نییە، بەڵام لە پاڵ کێشە سەرەکییەکانی خێزان، دەتوانین دەلالەتەکانی ژن دەربهێنین. لە چیرۆکی (**شۆڕبوونەوە**)دا، ژن و پیاوێك هەن، ژنەکە تۆراوە و چۆتەوە ماڵی باوکی، هۆکارەکەیشی بێکاریی مێردەکەیەتی. باوک کچەکەی هێناوەتەوە بۆ ماڵی مێردەکەی. ((ئاگای لێ بوو ژنەکەی چاوی تێبڕیبوو، بەڵام کە ئەم سەیری دەکرد، ئەو ڕووی بە لایەکی تردا وەرچەرخاند. وتی:

قسەکانت بەسەر سەرم، مامەگیان، بەڵام ئەمجارە مۆڵەتم بدەرێ، من دڵنیام ئەمجارەیان شتێکم بۆ دەستەبەر دەبێت و...

ژنەکەی قسەکەی پێبڕی: نەموت، نەموت واز لەو قسە زلانە ناهێنێت.

سەیری ژنەکەی کرد. شوێنەواری گریان بە ڕوخساریەوە دیار بوو. نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە.)) (ڕەشید، ٢٠١٨، ٥٨) دەلالەتی ژن لەم چیرۆکەدا، ژن وەکو بوونەوەرێکی بێ دەسەڵات و لاواز وێناکراوە. دەبینین ژنەکە هیچ ڕۆڵێکی لە بڕیارداندا نییە. ئەوە باوکیەتی لەجیاتی ئەو قسە دەکات. بە خواستی خۆی نەهاتۆتەوە ماڵە مێردی، بەڵکو بە بڕیاری باوکی هاتۆتەوە. ژن لە کۆمەڵەی کوردەواریدا هەمیشە ژێر دەستەی پیاو بووە، بێگومان کۆمەڵی کوردەواری کایەیەکی پیاوانەیە، واتە فەزایەکی نێرسالارانەی هەیە، فەزا و بواری ژنان زۆر بەرتەسکە. لە ڕێی ئەم چیرۆکەوە دەزانین سیستەمی خێزانیی کوردی چۆن داڕێژراوە، هاوکات پێگەی ژن لەو خێزانەدا چییە. هەرچەندە بە ڕاستەوخۆ دەقەکە لەبارەی ژن و ئاریشەکانی ژنان نەنووسراوە. ژن لەم چیرۆکەدا کەسێکی دەستەمۆ و غەدرلێکراوە، کەسێکە خاوەنی هیچ شتێک، جودا لە گریان و ملکەچ بوون نییە.

لە چیرۆکی (**تاکەی ئەم شەوە؟**)دا باسی ژنێک و دوو منداڵ دەکات. ئەو ژنە لە ماڵەوە چاوەڕێی هاتنەوەی مێردەکەی دەکات. ژنەکە لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆردا دەژی، چونکە مێردەکەی زۆر زۆر درەنگ کەوتووە. ((بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە و چووە دەرەوە. هەستی بەوە کرد چۆکی ئەلەرزێ و دڵی لە جاران زۆرتر لێ ئەدا، ئەگەرچی بە درێژایی تەمەنی لە گوندەکەی خۆیاندا، پێش کۆچکردنیان بۆ

شار، هەزارەها شەوی تاریکی وەک ئەم شەوەی دیبوو، بەڵام لە هیچ کاتێکدا هەستی بە سامناکی نەئەکرد.)) (رەشید، ٢٠١٨، ٢٦) لێرەدا ژن و ژیان و پاراستنی ژن بە پیاوەوە بەستراوەتەوە. ژنەکە ترسی هەیە، بۆ؟ چونکە پیاوەکەی لە ماڵ نییە و هێشتا لە کار نەگەڕاوەتەوە. بۆیەیش ئەگەر شتێکی بەسەر هاتبێ ئەوا هیچ پشت و پەنایەکی نامێنێت. کەواتە وێناکردنی ژن وەکو بوونێکی ژێردەستە و پەیوەست بە دەسەڵاتی پیاوەوە، هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی شوناسی ژن. کەواتە: ژن لەم کۆمەڵەدا خاوەنی خۆی نییە، ئەگەر مێردەکەی نەیپارێزێت، ئەوا خۆی توانای پاراستنی خۆی نییە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، چیرۆکنووس دەیەوێ دەلالەتی جوایەزیی نێوان ژیانی ژن لە گوند و ژیانی ژن لە شار نیشان بدات. ئەو دەیەوێ وەها وێنای بکات، ژن لە گوند پتر ئازادتر و ئازاتر بوونە. بێگومان گرفت و ئاریشەی ژنی کورد لە گوند لە هی شار کەمتر نەبووە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی گوند فەزایەکی داخراوە و هێندە بەرین نییە، بۆیەیش مرۆڤ لەوێدا کەمتر هەست بە ترس دەکات. بەڵام لە شار، چونکە فەزایەکی کراوەیە و خەڵک هێندە یەکدی ناناسن، پێوەندیی کۆمەڵایەتی توندوتۆڵ نییە، ژن هەست بە مەترسی دەکات.

## ئەنجامەکان

١. فەزا ئەو جیهانە بەرفراوانەیە، کە شت و بوون و کردارەکان لە خۆی دەگرێت. دەکرێ بڵێین مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی بەرکەوتنی مرۆڤە لەگەڵ فەزا بنەڕەتییەکان.

٢. هیچ ڕووداوێك ڕوونادات، تەنێ لە چوارچێوەی فەزایەکی دیاریکراو نەبێت. هەموو توخمەکانی گێڕانەوە پەنا بۆ فەزا دەبەن. یەکێک لە ئەرکەکانی فەزا لە زۆر باردا زەمینەسازی بۆ ڕوودانی ڕووداو دەکات.

٣. سەدرەدین عارف، یەکێکە لە هەوەڵین چیرۆکنووسانەی فەزا و پانتایی ڕووداوی دەقی چیرۆکی کوردی لە لادێوە بۆ شار گواستەوە. گرفت و بیرکردنەوەی تاکی کورد لە شار دەبێتە چەقی ڕووداوەکانی چیرۆک. بەمەیش چیرۆکی کوردی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە برد.

٤. جوایەزیی چینایەتی و بێکاری و هەژاری دەلالەتی هەرە دیاری ناو ئەم چیرۆکانەن. بەتایبەت بێکاری و هەژاری، هەرچەندە لە ڕووە ئایدیۆلۆجییەکەوە باس نەکراوە. واتە: ئایدیۆلۆجیای چینایەتی و چەپ بەسەر دەقەکاندا زاڵ نییە. بەمەیش چیرۆکی کوردی لە هەژموونی ئایدیۆلۆجیا ڕزگار کرد.

٥. ژن بە ناڕاستەوخۆ دەلالەتەکانی پیشان دراوە، ژن لە شار پتر لە ماڵەوە دەبێت و کەمتر دەرەوە دەبینێت، بەمەیش ژن و بوونی پێوەست بە پیاوەوە دەکرێ. واتە: ژن ناسنامەی خۆی لە پیاودا دەبینێتەوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبی کوردی**


١. بێرتێنز ، هانز (٢٠١٥)، بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، و: عەبدولخاق یەعقووبی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٢. رەشید ، سابیر (٢٠١٦)، چیرۆکی کوردی ( رەخنە و لێکۆڵینەوە) ناوەندی ئاوێر، چاپی دووەم، هەولێر.
٣. رەشید ، سابیر(٢٠١٨)، سەدرەدین عارف نوێکاری چیرۆکی کوردی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٤. ساڵح ، ئاوارە کەمال (٢٠١٢)، رەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکیتزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٥. سەعید ، جەلال ئەنوەر (٢٠٠٩)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارە پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٦. قانیع ، مەریوان وریا (٢٠٠٣)، بەختەوەری و بێدەنگی. دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٧. موفتی ، پەری ساڵح (٢٠١٢)، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.


**دووەم: کتێبی عەرەبی**


٨. ابن درید ، ابوبکر محمد بن الحسن الاردي البصري (١٣٤٥هـ)، جمهرة اللغة، ، دار صادر، مجلد ٣، بيروت.
٩. اكستنر ، جوزيف (٢٠٠٣)، شعريه الفضاء الروائی، ترجمة: لحسن حمامه، افريقيا الشرق/ المغرب ودار البيضاء/ بيروت.
١٠. بوتور ، ميشال (١٩٧١)، بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة: فريد انطونيوس، مكتبة الفكر الجامعي، منشورات عويدات، بيروت.
١١. تودوروف ، تزفيطان (٢٠٠٥)، مفاهيم سردية، ت: عبدالرحمن مزيان، منشورات الاختلاف، الجزائر.
١٣. حرب ، حسين (١٩٧٩)، الفكر اليوناني قبل افلاطون (سلسلة الفكر اليوناني)، دار الفارابي، بيروت.
١٤. جنيت ، جيرار (٢٠٠٢)، الادب والفضاء مقال ضمن كتاب الفضاء الروائي، مجموعة من المؤلفين، ت: عبدالرحيم عزل، افريقيا الشرق والدار البيضاء، المغرب/ بيروت.

١٥. ف. شكلوفسكى (١٩٨٢)، بناء القصة القصيرة والرواية، نظرية المنهج الشكلي (نصوص الشكلانين الروس)، ترجمة: ابراهيم الخطيب، الشركة المغربية للناشرين المتحدين، دار المثلث، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت.
١٦. غالب ، د. مصطفى (١٩٨٨)، ارسطو في سبيل موسوعة فلسفية، دار الهلال، بيروت.
١٧. كريفل ، شارل (٢٠٠٢)، المكان في النص، مجموعة من المؤلفين: الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم عزل، افريقيا الشرق و الدار البيضاء، المغرب/ لبنان.
١٨. لحميدانى ، حميد (٢٠٠٠)، بنية النص السردي، المركز الثقافي العربي والدار البيضاء، ط٣، بيروت.
١٩. نجمى ، حسن (٢٠٠٣)، شعرية الفضاء السردي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت.
المنجد في اللغة والاعلام (١٩٨٦)، دار المشرق، ط٢٨، بيروت.
٢٠. الخفاجي ، عماد هادي، ٢٠٠٣/٩/٢٨، مفهوم الفضاء والمكان والحيز، جريدة التآخى، انترنت.

سێیەم: بە فرەنسی
21. Le Robert: (1977), alphabetique et analogique de La Langue Francaise, Paris.

## ملخص البحث
## (الفضاء الدلالي في قصص صدرالدين عارف)

هذا البحث محاولة للحصول على إجابات عدة، مثل: كيف يتم خلق الفضاء في العمل القصصي؟ ماهو دور الفضاء في جعل النص نصاً فنياً؟ كيف يمكننا إيجاد دلالات الفضاء في النص؟ يتكون البحث من مبحثين رئيسيين، المبحث الأول مخصص للجانب النظري بعنوان: (إطار نظري للفضاء)، وهو محاولة لتحليل وتعريف مفهوم الفضاء والبحث عن جذوره التاريخية ولاسيما فضاء السرد ووظيفته في النص، ويهدف الباحث من وراء ذلك إلى معرفة كيفية ظهور فضاء السرد على نحو عام، وفضاء القصة على نحو خاص . أما المبحث الثاني، فهو يتناول الجانب التطبيقي للدراسة تحت عنوان: (أبعاد الفضاء الدلالي في قصص صدرالدين عارف). حيث حاول فيه الباحث تحديد الأبعاد مستندا إلى أدلة علمية، كما حدد الفضاء الذي شكّل تلك الأبعاد؛ ولهذا عمل على فضاء لغة النص ودور السارد في إنتاج الفضاء، وفي الوقت نفسه تحدث عن الأبعاد الثلاثة التي لها تأثير تراثي وثقافي في النص، وهي البعد السياسي والاجتماعي والنسوي . وفي الختام، عرض الباحث نتائج بحثه في نقاط محددة.

# Abstract

## The semantic space in SadraddinArif's Stories

This study is an attempt to answer some questions such as: how is space created in a fiction work? What is the role of space in making an artistic text? How do we find the signifiers of space on a text?

This study is made up of two main parts. The first part is the theoretical framework for space. This is an attempt to explain the concept of space by searching for the roots of the term particularly the narration space and its function in text.

The second part is practical and is devoted to cover'The dimensions of the semantic space in the stories of SadraddinArif'. We have tried to explain the proofs in the stories in some dimensions, to identify the space created by these dimensions. For this reason, we have worked on the space of the language of text, and then what role does the narrator play in producing space? Then we interpreted the social, political and women's proofs. These three proofs show the second side of Kurdish culture and culture.

We finally wrote some results, which we have understood in this study. At the same time, we used our resources in Harvard system and wrote a list of sources.